گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper22
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 10-04-2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 15-06-2023
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 28-02-2025

# ڕەهەندەکانی بەجیهانیبون: لێکەوتەکانی لە هەرێمی کوردستاندا

## توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

**پەیمان عبدالقادر مجید[١] - عمر علی احمد[٢]**

omer.ahmed@univsul.edu.iq - Paiman.majid@univsul.edu.iq

[١+٢] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ گەیشتن بە ڕاڤەیەکی زانستیانەیە بۆ ڕەهەندە جیاجیاکانی بەجیهانیبون و کاریگەری و لێکەوتەکانی لەسەر تەواوی کایەکانی کۆمەڵگە. تێگەیشتنە لەو ئاریشانەی ئەم چەمکە کێشەئامێزە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی، ئاڵۆزی چەمکەکە و خوێندنەوە جیاجیاکانی هۆکارگەلێکن بۆ دروستبونی بەرەی یار و نەیار. ئامانج لەم توێژینەوە خستنەڕوی ڕەهەندەکانی بەجیهانیبونە، دەرخستنی ئەو شوێنەوارە ئەرێنی و نەرێنیانەی بەجیهانیبونە، کە ڕەنگدانەوەی بەسەر کۆی سیستەمەکانی کۆمەڵگەدا دەبێت. هەروەها خستنەڕوی گەشەسەندنی چەمکەکە و ناساندنیەتی، دەرخستنیەتی وەك دیاردەیەکی گرنگ و کاریگەر. میتۆدی ئەم توێژینەوەیە (وەسفی شیکاری)ی ڕەخنەییە. توێژینەوەکە گەیشتوە بەو ئەنجامەی کە بەجیهانیبون وەکو چەمك نوێیە و بەڵام وەکو دیاردەیەکی مێژوی و کۆمەڵایەتی لە مێژودا ڕیشەی هەیە، وەکو ئاڵوگۆڕ و گواستنەوە و گەیاندن لە مێژە هەیە، جیهانگیری وەکو دیاردەیەکی نوێ، کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی ئەرێنی و متمانەبەخۆبو مامەڵەی لەگەڵ کردوە.

**کلیلە وشەکان:** بەجیهانیبون، ڕەهەندەکانی بەجیهانیبون، لێکەوتەکانی بەجیهانیبون.

**پێشەکی:** بەجیهانیبون وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی، ڕیشەیەکی مێژویی هەیە، بەڵام وەکو چەمك و کاریگەرییەکانی، وەکو (گۆڕانکاری گەورە لە قەبارەی بازرگانی، گواستنەوە و گەیاندن، سنوربڕی دەوڵەتان، کایەی میدیا و پەروەردە، سنوربەزاندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، فۆرمی نوێ و ستایلی ژیانی کۆمەڵایەتی) نوێیە و دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دوەمی سەدەی ڕابردو. بەجیهانیبون وەرچەرخانێکی گەورەبو لە بەها کەلتورییەکان و دروستکردنی کەلتوری تێکەڵ و ناساندنی چەندین وردە کەلتور لەسەر ئاستی جیهانی. جگە لەوەش چەندین لێکەوتەی نەرێنی و ئەرێنی لەسەر ژیانی ئابوریی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبوە و دەبێت. لەم سۆنگەوە بایەخپێدانی سۆسیۆلۆجیا بە جیهانگیریی لە چوارچێوەی ئەو توێژینەوانەدا دەبێت کە کۆمەڵناسەکان و تیۆریستەکانی ئەم زانستە بە ئەنجامییان گەیاندوە، وەکو هەریەك لە: (ئۆرلش بیك، ئەنتۆنی گیدینز، ڤاڵتێر ڤالرشتاین). جیهانگیریی سۆسیۆلۆجی بریتییە لەو ئەندێشە نوێیەی سەرپەرشتی سەرهەڵدانی یەك (کۆمەڵگەی جیهانی) یان (هەمو) کۆمەڵایەتیبونێکی وابەستەیی دەکات، کە سنوری کۆمەڵگەی

نەتەوەیی تێپەڕێنێت (اســد، 2008: 11). کەواتە هەر کۆمەڵایەتیبونێك و خەیاڵی هەبونی کۆمەڵگەیەکی جیهانی، کاری کۆمەڵناسـیە پێش هەر زانسـتێکی تر، بۆیە گرنگە تێڕوانینی کۆمەڵناس و بیریارەکانی سـۆسـیۆلۆجیا دەربارەی ئەم دیادە گەردونییە بخەرێتەڕو.

**کێشـــەی توێژینەوە:** لەدوای کەوتنی یەکێتی ســۆڤیەت و بڵاوبونەوەی دیموکراسی لیبراڵی وەکو فۆرمی کۆتایی بۆ حوکمڕانی، جیهان بەخێرایی بەرەو گەشـەسـەندن و پێشـهاتی سـیاسی و کەلتوری و ڕوداوی گرنگ هەنگاوی نا. بابەتی بەجیهانیبون لە چوارچێوەی پرۆســە ئابورییەکان هاتەدەرێ و ئەرك و کاریگەری ســیاسی و کۆمەڵایەتی و میدیایی و کەلتوری وەرگرت. کێشـــەی ئەم توێژینەوە لەم پرســیارە ســەرچاوەی گرتوە، ڕەهەندەکانی بەجیهانیبون چیین؟ ئایا بەجیهانیبون لێکەوتەی نەرێنی و ئەرێنی لەسـەر هەرێمی کوردسـتان هەیە؟ ئەم جیهانەی دروسـت دەبێت، جیا لە جیهانەکانی پێشخۆی پڕە لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی، بونی ترس لە ئاینده و مەترسی ژینگە و پەتا و درمی جیهانی، زیاد لەمەش ئەو گۆڕانکارییانەی لە پانتایەکی بچوکی جیهاندا ڕوودەدات کاریگەری لەســەر تەواوی گۆی زەوی دەبێت، مەترســـییەکان هەمەلایەنەن و بەخێرایی دەگوازرێنەوە، جیهانێکی ئاڵۆزە پڕە لە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی، ئاشتی و ئارامی جێگەیەك هۆکارە بۆ ئاشتی و جێگیریی جێگەیەکی تر، شەڕ و جەنگ و نەهامەتی لە جێگەیەك هەڕەشەیە بۆسەر تەواوی جییهان.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:** دەتوانین لەچەند خاڵێکدا ئامانجی توێژینەوەکە بخەینەڕو:

1. گەیشتنە بە تێگەیشتنێکی دروست دەربارەی بەجیهانیبون.
2. دەرخستنی کاریگەری بەجیهانیبون لەسەر سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی.
3. زانینی لیکەوتە ئەرنێی و نەرێنییەکانی بەجیهانیبون و دروستکردنی گۆڕانکاری لە سیستەمی نوێی جیهانیدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەبەرەئەوەی ئەم توێژینەوەیە لەچۆنایەتییەکانە توێژینەوە جۆرییەکانە و لەلایەنی تیۆرییەوە ئەنجامدراوە، هەربۆیە پشتی بە میتۆدی (وەسفی شیکاری) بەستوە، چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە دەگونجێت، توێژەر دەتوانیت وەســفی چەمکە بەکارهاتوەکان بکات، هەروەها لە سروشـــتی دیاردەکە و هۆکارە کاریگەرییەکانی بکۆڵێتەوە.. دواجار توێژەر لە ڕێگەی ئەم میتۆدەوە دەتوانێت شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە و ئەدەبیاتی پێشـوتر بکات.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی لەوەدایە، ئەم بەرهەمە دەچێتە سـەر بەرهەمە زانسـتییەکان، ئەوانەی لە بواری بەجیهانیبون بە زمانی کوردی نوسراون، هەروەها گەنگەشەکردنی بیرورا جیاوازەکان بە بیروڕای توێژەر خۆشییەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتنێکی نوێ لە چەمکی بەجیهانیبون، جیالەوەش دەرخستنی لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنیەکانی جیهانگیریی لەسەر جیهان بە گشتی و لەسەر هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بایەخی زانستی هەیە، دواجار ئەم توێژینەوەیە دەتوانرێت وەکو سەرچاوەیەکی زانستی سودی لێوەربگیرێت و خزمەتی کتێبخانەی کوردی بکات، ئەمەش یەکێکیترە لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە.

**تەوەری یەکەم: ناساندنی چەمکی بەجیهانیبون:** توێژینەوەکان پێیانوایە بەجیهانیبون وەك ئەم چەمکەی ئێستا کە بەکاردەهێنرێت، تاوەکو نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردو بونی نەبوە. قاموسی (ئۆکسفۆرد)، بۆ یەکەمجار

لەسـاڵی (1991)دا، ئاماژەی بە چەمكی بەجیهانیبون كرد، واناسـاندی لە وشـە نوێیەكانە و لە نەوەدەكانی سـەدەی ڕابردوەوە دەركەوتوە. هەرچەندە ئەم وشـەیە گەر پێشـوتر هەبوبێت ئەوا شـایەنی باس نەبوە و جێگەی سـەرنج نەبوە، هەربۆیە وەكو هەمو وشـەكانیتر مامەڵەیەكی سـەرپێیانەی لەگەڵدا كراوە. كەواتە دەتوانرێت بوترێت چەمكی بەجیهانیبون سـەرەڕای بەكارهێنانی تازەیە بەڵام دەركەوتەكانی لە دێرەوە هەیە. (عبدالله،1999: 50).

بەجیهانیبون زۆرترین پێناسـەی بۆكراوە و لەچەندین ڕەهەند و دیدی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆكراوە، لەبەرئەوەیە نارۆشـنی و ناڕونی لای خوێنەر دروسـتكردوە، سـەرەڕای ئەوەی توێژەر و بیریارەكانی بەسـەر بەرەی یار و نەیاردا دابەشـكردوە، كەچی هێشـتاش لێكتێگەیشـتنی گشـتی و ڕەها بۆ دیاریكردنی چەمكەكە نەهاتۆتە گۆڕێ، لەم سـۆنگەوە بیرمەندی عەرەبی **(صـادق جلال العظم)،** هۆكارەكانی ئەم دابەشـبونە لەمەڕ پێناسـەیەكی یەكگرتو بۆ بەجیهانیبون، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی گوایە هێشـتا ئەم دیاردەیە لەقۆناغی فۆرمەلەبون و دروستبوندایە، پاساوی ئەوەیە، تاوەكو ئێستا ئەم دیاردەیە لەهەمو شـوێنێك لەژێر شرۆڤە و لێكۆڵینەوەدایە (بارام،2017: 26).بۆ تێگەیشـتنی زیاتر لەم چەمكە دەتوانین چەند پێناسـەیەك بۆ بەجیهانیبون بخەینەڕو وەكو پێناسەكانی هەریەك لە :

**(Ronald Robertson: 1996):** پرۆسـەیەی بچوكبونەوەی جیهانە، چونكە مەوداكان و كەلتورەكان لەیەك نزیك دەبنەوە، هۆكارێكی گرنگە بۆئەوەی وابەسـتەیی نێوان كۆمەڵگە و دەوڵەتەكان بێنێتە گۆڕێ، لەم پرۆژەیەدا، گۆشگیری و دابڕان هیچ بوارێكیان بۆ نامێنێتەوە، گۆڕانكارییەكان خێرادەبن و بەریان پێناگیرێت. (عبد الله،1999: 53).

**(Huntington:1996):** بەجیهانیبون گەشـەسـەندنی ژیارییە، چارەنوسی مرۆڤی تێدا نەخشـێنراوە، بە دیدێكی تر، ئەو مرۆڤەی بە مرۆڤی یەكگرتو ناوزەد دەكرێت، هەمو ئەم یەكگرتن و یەكڕەنگی و یەكسانی كۆمەڵگەی مرۆبییە بۆ ئەوە نییە جیهان یەكبخات و بیانكاتە هاودەنگ و هاوەڵی یەكتر بەڵكو بەواتای ئاسـتێكی بەرزی كارلێك و لەیەكچونی نێوان ناوچەكان دێت، كە كاریگەری لەیەك دەكەن و ئەم كارلێككردنە دەبێتە هۆی بەیەكدادانی كۆمەڵگە و شـارسـتانیەتە جیاوازەكان (عساف و حبایب،2008: 87).

**تەوەری دوەم: ڕەهەندەكانی بەجیهانیبون:** جیهانگیریی چەند ڕەهەندێكی جیاوازی هەیە و دەكرێت لەچەند گۆشەیەكەوە تەماشای بكەین وەكو ئەمانەی خوارەوە:

**1.ڕەهەندی ئابوریی:** (پۆلیبویس_ مێژونوسی یۆنانی)، دو سـەدە پێش زاین دەڵێت "پێشـتر، ڕوداوەكانی جیهان پەیوەندییان بەیەكەوە نەبو، ئێسـتا هەریەكەیان پشـتی بەوەیرتیان بەسـتوە". لەبەر ڕۆشـنایی ئەم لێدوانە سـەرسوڕهێنەرەی مێژونوسی یۆنانی پۆلیبیوس بە ڕونی بۆمان دەردەكەوێت، كە جیهانگیری ئابوریی شـتێكی نوێ نییە. بەڵكو لە شـارسـتانیەتی یۆنانی زۆر لەمەوپێش، هەندێک پەیوەندی ئابوری لە نێوان گەل و نەتەوەكاندا هەبوە و قەبارەشـیان گەورەو فراونبوە. هاوكات شـارسـتانیەتی میزۆپۆتامیا خەریكی بازرگانی سـەرەكی بون لە (كانزا، دار،بەردی دروستكردن و هتد)، لەگەڵ دراوسێكانی سوریا و ئەنادۆڵ، پەیوەندیەكی باشیان هەبوە، پاشان هیندستان و كەنداوی فارس بەهەمان شێوە لە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕدابون. بەڵام بەجیهانیبون بەواتای بەشداریی ڕاستەقینەی زۆربەی وڵاتانی دونیا دێت لەئابوریی بازاڕ و بازرگانی ئازاد، گەر تێبینی بكەین ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵەكانی (1900) بەدواوە

(Huwart,verdier, 2013: 20). لە ڕاستیدا ئەوەی پێشوتر باسمانکرد ڕوی ڕاستەقینەی بەجیهانیبون نییە وەکو ئەو چەمکەی ئێستا بەردەستە یان وەکو ئەو پرۆسە ئابورییەیی کە تەواوی دونیای کردۆتە گوندێکی بچوك و گۆڕانکاری لەوپەڕی جیهانەوە کاریگەری دەبێت لەسەر تەواوی دونیا بە ناوچە دورە دەست و پەراوێزخراوەکانیشەوە، ئەوەی لە پێشوتردا ڕویداوە، زۆر جیاوازبوە لەمەی ئێستا دەگوزەرێت، چونکە هەردو هۆکاری گواستنەوە و گەیاندن لە دوای گەشەسەندنی تەکنەلەجۆیاوە بەجۆرێك پێشکەوتن و گەشەیان سەند کە هەرگیز لە مێژودا وێنەیان نەبوە.

**٢.ڕەهەندی سیاسی:** لەگۆشەی سیاسییەوە بەجیهانیبون ئاماژەیە بۆ ئەو ئاڕاستە سیاسیانەی لەنێوکۆی(سیاق) جیهانیدا ڕودەدات، یەکێکە لەڕەهەندە گرنگەکانی بەجیهانیبون، دەتوانریت بوترێت نەتەوە یەکگرتوەکان وەکو گەورەترین ڕێکخراوی جیهان، نمونەیەکە لە جیهانگیریی سیاسی، چونکە هەمو دەوڵەتەکانی پێکەوە لە بۆتەیەکدا کۆکردۆتەوە و دەربارەی کێشە هەنوکەیەکان و ئاڵنگارییەکانی دونیا و ڕۆژگاری سەردەم گفتوگۆدەکەن و لە ڕێگەی ئەنجومەن و لێژنەکانییەوە خەریکی وەدیهێنانی ئاشتی جیهانی و چارەسەرکردنی کێشە تەندروستی و کۆمەڵایەتییەکانە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بەجیهانیبونی سیاسی هاوکات پێشـ جیادەکرێتەوە بریتییە لەوەی کە دەوڵەتی نیشتمانی یەکێکە لەنوێنەرەکان و کارەکتەرەکانی ژینگەی سیاسی، لەگەڵ کۆمپانیا و دامەزراوە جیهانیەکانی دیکە کێبڕکێ دەکات. جیالەوەش هەریەکە لە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان نمونەن لە بەجیهانیبونی سیاسی (موني و ایفانز، 2007: 213).

**٣.ڕەهەندی کەلتوریی:** لەگۆشەی کەلتوریی و کۆمەڵایەتیەوە: بەجیهانیبون واتە سەردەستەبونی یەك کەلتور بەسەر هەمو کەلتوری وڵاتانی دیکەدا، لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەجیهانیبون بریتیە لە دابەشبونی جیهان بەسەر دەستەی دەوڵەمەند و هەژاردا، لێوانلێوە لە لەلادان و هەژاری و بێکاری و ڕیسکی کۆمەڵایەتی. پێناسە کراوە بە پەیوەندی نێوان هەرێمایەتی و دەسەڵات، گواستنەوەی دەسەڵاتە لەئاستی دەوڵەتەوە بۆ بان دەوڵەتی یان بان نەتەوەیی یان یەکەی نەتەوەی لاوەکی (Reich,1998: 5).

بەبڕوای (بریجنسکی) بەجیهانیبونی کەلتوریی، فۆرمێکە تێیدا کەلتورێك وەکو کاڵایەکی جیهانی دەردەکەوێت وەکو هەر شمەك و کاڵایەکی بازرگانی تر وەبازاڕدەخرێت، دواتر هۆشیاری، چەمك،درکپێکردن، هێما، باوەڕپێهێنانی بۆ دادەتاشرێت، هاوکات ئامرازی کەلتوری خاوەن سروشتێکی جیهانی سەرهەڵدەدەن (المزروعي،البياتي,2012: 170). کەلتوری بەجیهانیبون، کەلتوری سەرمایەداریی باوە، بانگەشە بۆ جیهانگیرییەکی جێگرەوە دەکات، تایبەتمەندیەتی ئەم جیهانگیرییە جێگرەوە لەچوارچێوەی سیستەمە هەمەکیەکاندا دەردەکەوێت و لەتوانایدا هەیە کەلتورێکی جیهانی یان جیهانگیریی کەلتوری بەرهەمبهێنێت (زمام،2001: 103). سەرەڕای هەبونی تێکەڵییەك لە کەلتور بەشێوەیەکی بەشەکی بەڵام لەراستیدا یەکەیەکی کەلتوری جیهانی تا ئێستا دروست نەبوە، هەرچەندە کۆچ بەردەوامە و تێکەڵبونی کەلتوری ڕودەدات، بەڵام هێشتا کاردانەوەی ئیتنیکی بەهێز لەلایەن کەلتوری لۆکاڵییەوە هەیە، کە ڕێگرە لە دروستبونی تاکە کەلتورێکی جیهانیی (فیدزرستون،2000: 173).

**٤.ڕەهەندی میدیایی:** جیهانگیریی ڕاگەیاندن یا میدیا یەکێکە لە لقەکانی بەجیهانیبون، کاردەکات بۆ بڵاوکردنەوەی جیهانگیریی هۆکارە بۆ لاوازبونی شوناس و ئینتیما بۆ نیشتیمان، زیاتر تیشکدەخاتەسەر مولکداریی ئامرازەکانی

ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیای نوێ، سوککردنی کۆت و بەندەکانە، ڕەخساندنی هەلێکی نوێ بۆ بەکارهێنەرەکانی لە ئازادی هەڵبژاردنی میدیایی، دابەزاندنی ئاستی تێچوی تەکنەلۆجی، ئەم کێبڕکێیە لەخزمەتی وەرگردایە. بە بڕوای (چۆمسکی) جیهانگیری میدیایی بریتیە لە زیادکردنێکی گەورە لە ڕاگەیاندندا بەتایبەت ڕاگەیاندنی شمەك و کاڵای بیانی و جەغدکرنەوە لە موڵکداریەتی ئامارازەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی. گروپێکیتر لە زاناکان نەیاری بەجیهانیبونی ڕاگەیاندنن، هەمو باشیەکانی ڕەت دەکەنەوە، وەکو (هێربرێت شیللەر) کە پێیوایە بەجیهانیبونی ڕاگەیاندن هیچ نییە جگە لە دوپاتکردنەوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ژمارەیەك بلۆکی سەرمایەداریی ڕەگەزبڕ، کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن بۆ هاندنی بەکاربردن لەسەر ئاستی جیهانی، شیللەر ئەوە دوپات دەکاتەوە کە ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوای و ڕیکلامەکانیان هاندانی جیهان بۆ فراوەنکردنی پشتوێنەی بەکاربردن یا کەلتوری بەرخۆری لەڕێگەی چاندنی بەهای ڕۆژئاوایی و سوککردنی شوناسی خۆجێیەوە جێبەجێ دەکەن. بەبڕوای شۆمان بەجیهانیبونی ڕاگەیاندن بریتییە لە گەورەکردنێکی خیراو بەردەوام بۆ تواناکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە سنوری سیاسی و کەلتوری تێدەپەڕێنێت و تەواوکاری و هاوبەندی لەنێوان ئامرازەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن دروست دەکات، لەپیناوی پاڵپشتیکردنی پرۆسەی تێکەڵکردنی بازاڕەکانی دونیا لەلایەك و، بەدەستهێنانی قازانج بۆ کۆمپانیا میدیا و پەیوەندییەکان لەلایەکی ترەوە، بەو مەبەستەی ڕۆڵی دەوڵەت لەبواری میدیای و کەلتوریدا کەم بکەنەوە (امین،2007: 126 124،125). بەجیهانیبونی ڕاگەیاندن پشت بە ئەنجامەکانی شۆڕشی تەکنەلۆجی و پەیوەندی گەیاندن دەبەستێت، بە بڕوای ئەم بەجیهانیبونە هەمیشە کێبڕکێی ڕاگەیاندن لەبەرژوەندی وەرگرە بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزرای. ئەم بەجیهاینبونە دەبێتەهۆی کەمکردنەوە و بەرتەسکردنەوەی ڕۆڵی حکومەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ ڕێکخستنی ژینگەی میدیایی و پەیوەندی خۆجێی و جیهانی لەبەرژەوەندی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانە (عیسانی، 2006: 53).

**تەوەری سێیەم: ئاراستە تیۆریەکانی بەجیهانیبون:** بەجیهانیبون یەکێکە لەو چەمکە ئاڵۆزانەی لەڕوی تیۆرییەوە چەندین ئاراستە و ڕێبازی هزری لێکۆڵینەوەیان دەربارەی کردوە، لێرەدا باس لە دو ئاراستە دەکەین:

**ئاراستەی یەکەم:** سێ گریمانەیان بۆ بەجیهانیبون هەیە: یەکەمیان: .دیاردەی جیهانگیریی ئەنجامی گەشەسەندنی سیستەمی سەرمایەدارییە، ڕیشە مێژوییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ڕابردو، لە ڕێچکەی خۆی بەردوام بوە تاوەکو گەیشتۆتە ئەوەی نەخشەی جیهان بگۆڕێت، هاوکات بۆ لابردنی بەربەستەکانی بەردەم ئابوری وڵاتەکان کاردەکات و هەوڵدەدات لەگەڵ ئابوریی جیهانیدا لێکیان بدات. دوەم: دوپاتکردنەوە لەسەر شۆڕشی زانیاریی و تەکنەلۆجی و ئامرازەکانی گەیاندن، لەڕێگەی ئەم شۆڕشەوە گواستنەوەیە لە کۆمەڵگەی پیشەسازییەوە بۆ کۆمەڵگەی زانیاریی. سێیەم: دوپاترکدنەوەی بیرۆکەی دیموکراسیبونی بەجیهانیبون وەکو ئامرازێك بۆ پێشکەوتن و جێگیریی کۆمەلایەتی..ئەمە گریمانیەکی ئایدۆلۆجییە بۆ بەهای مرۆڤایەتی وەکو دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ (ماجدة، 2010: 13، 12).

**ئاراستەی دوەم:** بیرۆکەیەکی باو هەیە، لەسەر ئەو بنەمایە فۆرمەلە بوە، گوایە بەجیهانیبون واتا بە ئەمریکایبون.. لەم بارەیەوە ئاراستەی دوەم، پێیانوایە، کە بەجیهانیبون لەسەر لۆجیکی هەژمونگەرایی دامەزراوە بەتایبەت هەژمونی ئەمریکاییبون، جیالەوەش بەجیهانیبون هیچ نییە جگە لە ڕویەکی تری ئیمپریالیزم. کەوابو بەجیهانیبون جۆرێکە لە پیلانگیری ئەمریکا، کە لە بنەچەدا دەگەڕێتەوە بۆ تێز و پێشنیازێکی فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی (کۆتایی مێژو..دواهەمین مرۆڤ)، تێیدا باس لەوە دەکات" پێویستە دیموکراسی لیبراڵی ببێتە دواهەمین مۆدێل و فۆرمی بەڕێوەبردن و جیهان چاوی لێبکات".. کەواتە ئەمەش خزمەتکردنێکی ڕاستەوخۆیە بە سەرمایەداریی نوێ (ماجدة، 2010: 14).

بەجیهانیبون یەکێك بو لەو چەمکە کێشەئامێزانەی هەر زو بیریارەکانی بەسەر دو بەرەدا دابەشکرد، بەرەیەکی ڕۆژئاوایی کە بەجیهانیبونیان وەکو سروشتی گەشەسەندنی کۆمەڵگەکان تەماشا دەکرد و پێیانوابو قۆناغی پێشکەوتنی

ئەقڵ و زانست و تەکنەلۆجییایە، زیادلەمەش پێیانوابو، پێشکەوتنە لە هۆیەکانی گواستنەوە و گەیاندن، لەلایەکی ترەوە جیهانی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت دونیای عەرەبی و ئیسلامی بەخێرایی لە بەرانبەر بەجیهانیبوندا سەنگەریان توند کرد، پێیانوابو کە ئەمەش فێڵێکی دیکەی ئەمریکا و ڕۆژئاوایە بۆ داگیرکردنی کەلتوری ڕۆژهەڵاتە. دواجار بەرەی سێیەم دروستبو کە پێوابو بەجیهانیبون لە دۆخی ڕاگوزەردایە و بێلایەنانە و بابەتیانە دەربارەی بەجیهانیبون دەیاننوسی.

## بەجیهانیبون لە نێوان لایەنگران و دژەکانی:

ڤالرشتاین ڕەخنەی توند لە سیستەمی جیهانی دەگرێت و بە دیاردەیەکی ناتەندروست هەژماری دەکات، ئەو پێیوایە تەنگەژەی جیهانی دروست دەبێت و هەمو ئەم تەنگەژانە دەبنە هۆی دابەشبونی هێز لە چەند بەرەیەکی جیاواز و نابەرابەر. هەروەها ڤالرشتاین پێوایە گشتگیرکردنی لۆجیکی سەرمایەداریی بەسەرکۆی جیهاندا دەبێتە هۆی دروستبونی بەرەی دژە ڕۆژئاوایی، هەربۆیە تەواوکاری جیهانی و هەرەسهێنانی جیهانی پێکەوە لەیەك کاتدا کاردەکەن، دواجار هەرەسهێنانی سیستمی جیهانی لێدەکەوێتەوە. بە بڕوای ڤالرشتاین ئەو سیستەمە جیهانییەی دونیای دابەشکردوە بەسەر وڵاتانی ناوەند و کەناردا، هەروا شتێکی سروشتی و دو وشەی ئاسایی نیین، لێ ئەم سیستەمە نێودەوڵەتییەی ئێستا هەیە هەر لە سەدەی شازدەهەمەوە دەستی بە دروستبون کردوە، بەڵام تەنها لە بەشێکی جیهاندا هەبوە وەکو وڵاتانی ئەوروپا و هەردو ئەمریکا، بەڵام بە تێپەڕبونی کات بەهەمو جیهاندا بڵاوبویەوە. ئەم بیریارە تیشکدەخاتەسەر ئەو ناهاوسەنگییەی لە نێوان دەوڵەتەکاندا هەیە و بە کردەیەکی پلانبۆدارێژراوی سیاسی دەزانێت و پێیوایە پەیوەندی نێوان وڵاتانی بەهێز و لاواز لە ڕێگەی فشارخستنە سەریانەوەیە وەکو: ناچارکردنیان بە کردنەوەی سنوری دەوڵەتەکانیان بەڕوی کۆمپانیاکانیان، ئەم کردارەش بە دڵنیایی لە قازانجی دەوڵەتەکانی ناوەندە. ناچارکردنی ئەم دەوڵەتانە بە دانانی کۆمەڵە کەسێك لە ناوەندی دەسەڵات و بڕیار بەدەستەکانیان، بۆئەوەیە کە بتوانن بەرژەوەندی سیاسی دەوڵەتە ناوەندەکان بپارێزن، هەروەها ناچارکردنی ئەم دەوڵەتانە بە پەسەندکردنی هەندێك چالاکی کەلتور و میدیایی و زمانەوانی تاوەکو بتوانن کەلتوری خۆیان زاڵ بکەن، هەمو ئەم کارانەش بۆ فراوانکردنی ئابوری سیستەمی نوێی جیهانییە (الیاس و یحیي،2021: 33، 38).

بەڵام ئەنتۆنی گیدینز بە پێچەوانەی ڤالرشتاینەوە، پێوایە بەجیهانیبون دونیای دابەشکردوە بەسەر براوەکان و دۆڕاوەکاندا، ئەم جیهانە بۆتە شوێنی کێبڕکێ، کەچی زۆبەی خەڵك لە نەهامەتی و بەدبەختیی دەژین. (ئەنتۆنی گیدینز) وایدەبینێت کە بەجیهانیبون لەڕوی کەلتورییەوە لەگەڵ پەیوەندییەکاندا ئاوایزان بوە، گرنگترین هێزیش لە پرۆسەی بەجیهانیبوندا، کە ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت، نە بازاڕی ئابوریی نە لینکی ئابورییە، بەڵکو کاریگەریی پەیوەندییەکانە کە بە شۆڕشی پەیوەندییەکان ناسراوە. ئەو بە پێچەوانەی ئەوانی ترەوە پێوایە: بەجیهانیبون دەبێتە هۆی بتەوکردنی پەیوندیە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو پەیوەندیانەی کەوایکردوە ئەوکۆمەڵگەیانەی زۆر دورن لەیەکە بکەونە ژێر کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی یەکتر و ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەیەکی تر ڕودەدەن کە چەند دوریش بن لەیەکەوە، کاریگەری لەسەر ناوچەیەکی تر بەجێبهێڵێت (الیاس و یحیي،2021: 33، 38).

هەرچی (ئۆرلش بیك). پێوایە: بەجیهانیبون پرۆسەیەکی سیاسییە چونکە ڕێگەخۆشکەرە بۆ کۆمپانیا و یەکێتییە بازرگانییەکان، تاوەکو چالاکیەکانیان لەو سنوربەندی و قەیدوبەندانە ڕزگار بکەن کە پێشوتر بەشێوەیەکی دیموکراسی ڕێکخرابون و سەرلەنوێ ئامادەی کردنەوە. کۆمپانیا بازرگانییەکان توانیان دور لەچاوی خەڵك و بەشارەوەی کارەکانیان لە شوێنی تر و دور لەسنوری وڵاتی خۆیان بە ئەنجام بگەیەنن نەك بە تەنها لە پێکهێنانی ئابوری بەڵکو لە دارشتنەوەی کۆمەڵگەش بە تەواوەتی بەشدارن (بك،20112: 18).بە بەڕوای (بیك) ئەوپەڕی ساکارییە گەر بێتوابێت بەجیهانیبون لەخۆوە و خۆبەخۆ هۆشیاری (جیهانی و گەردونی) هاوبەش دروستی دەکات، بەڵکو لەدەرئەنجامی هەستکردن بە

مەترسییەکانی دونیای شارستانی دروست دەبن، لە دەرئەنجامی بەرکەوتنەکانی تەکنەلۆجیا و کورتهێنانی دارایی و هەڕەشەکانی ژینگەوە دروست دەبن.ئەم مەترسیانە فشار دەخەنە سەر جیهان تاوەکو ڕوبەڕوی تەنگەژە هاوبەشەکان ببنەوە (بیك، 2006: 328).

## تەوەری چوارەم: لێکەوتە نەرێنی و ئەرێنیەکانی بەجیهانیبون:

### 1.سودەکانی بەجیهانیبون ولێکەوتە ئەرێنیەکانی:

• زیادکردن و گەشەکردنی سەرجەم بەرهەمە نێوخۆییەکان لە وڵاتە تازەپێگەیشتوەکاندا یان لە وڵاتە هەژارەکاندا.

• گەشەکردن و زیادکردنی تێکڕای داهاتی تاکەکەس و بەرزبونەوەی ناوەندی داهات بۆ سێ هێندە.

• کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاریی: لایەنگرانی بەجیهانیبون پێیانوایە یەکێك لە سودەکانی جیهانگیریی بریتییە لە کەمرکردنەوەی دیاردەی بێکاریی، کاتێک سەیری وڵاتانی وەک هیندستان و چین دەکەیت بەڕونی هەست بەمە دەکەیت.

• گەشەکردنی پەروەردە و فێرکردن: جیهانگیریی یارمەتیدەرە بۆ ئەو کارانەی کە پێویستی بە کۆمەڵێك لێهاتویی بەرز هەیە، خۆی نمایندە دەکات لە خوێندی باڵادا، چونکە ئەو کەسانەی بڕوانامەی خویندنی باڵا بەدەستدەهێنن لە ڕێگەی جیهانگیرییەوە سودمەند دەبن.

• پێشبڕکێ لەسەر پلاتفۆرمێکی یەکسان: کۆمپانیاکان لە تەواوی جیهاندا، کێبڕکێ دەکەن لەسەر تەنها پلاتفۆرمێکی جیهانی و ئەمەش باشترین سودی دەبێت بۆ بەرخۆر و بژاردەی زیاتر دەخاتە بەردەستی، یەکێک لەگەورەترین سودەکانی جیهانگیری ئەوەیە، کە مەودایەکی گەورەتر بە هەندێک وڵات دەدات تاوەکو پڕێکی زۆر کەلوپەل و شمەکی بیانی بە هەرزان بکڕن، هەرزانی نرخەکان دەرئەنجامی بەردەوامی جیهانگیری نییە، بەڵام ڕەنگدانەوی ئەو یارییە نابەرابەرەیە کە ئێستا لە کایەی ئابوری جیهانیدا هەیە (Davies,Egbuchu,2019: 23).

• کرانەوە بەڕوی جیهان و کورتکردنەوەی دورییەکان و گەیشتن بە زانیارییەکان و بەکارهێنانیان.

• زانینی کەلتوری نەتەوەکانی دیکە و سودوەرگرتن لە ئەزمونی نەتوەکانی تر.

• تێکەڵبونی کەلتورەکان و کرانەوە بەڕوی دونیادا، ئاشنابون بە چەندین وردە کەلتوری دورەدەست (المطيري،2013: 14).

•دەبێتە هۆی ئەوەی وەرگر لە ڕێگەی شۆڕشی گەورەی تەکنەلۆجییەوە بازنەی بەرتەسکی ڕاگەیاندنی نەتەوەیی تێپەڕێنێت، ڕێگەدەدات بە تاك لەگەڵ زۆرترین پەخشی۔ کەناڵی ئاسمانی کارلێك بکات، کەچەندین کەلتور و نەریت و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و زمانی جیاواز لەخۆدەگرێت (الحلبي،2016: 53،54).

•ڕۆڵی بەجیهانیبون لە ئاڵوگۆڕی ئەزمونی زانستی و پەروەردەییدا، جێگەی لەسەر وەستانە، لەگەڵ گەشەکردنی تەکنەلۆجیای پەیوەندییەکان، توێژەرەکان لە جیهاندا چەندین ئامرازیان لە توێژینەوەی زانستی بۆ ڕەخسا، ئەمەش بوە هۆی سەرهەڵدانی چەندین دامەزراوەی جیهانی گەورە بۆ فرۆشتن و دەسەبەرکردنی زانیاریی. (الحلبي،2016: 54).

## 2. زیانەکانی جیهانگیریی ولێکەوتە نەرێنیەکانی:

لە بنەڕەتدا بەجیهانیبون دەرئەنجامی ڕوخاندنی یەکیەتی سۆڤیەت بو. لە بەرانبەردا ئەمریکا لەڕوی سیاسی و ئابوریی و سەربازییەوە کۆنترۆڵی جیهانی کرد. لەم بارەوە (دکتۆر کلۆفیس) لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن، دەڵێ: "ئەم سیستەمە نوێیە فەوزایە، نە سیستەمی جیهانیمان هەیە و نە تازەیە، بەڵکو فەوزایەکە تایبەتەمەندییەکی ململانێی هەرێمایەتیە..کەواتە ئەو سیستەمە نوێیەی جیهان نەك نەیتوانی ئاشتی بەرهەمبهێنێ، بەڵکو ململانێی بەرهەمهێنا. گەر تێبینی بکەین لەم بارەیەوە دکتۆر موحەمەد عمارە دەڵێت" بەجیهانیبون پەیوندیی دولایەنەی بەرهەمنەهێنا، کە ئارەزوی گەل و ئومێدی ژیارەکان و داخوازی ڕۆشنگەرەکان بەدیبهێنێ، بەڵکو کەلێنی گەورەی دروستکرد و بوە کێشە بۆ پەیوەندی نێوان بەهێزەکان و لاوازەکانەوە (الخراشي،1420: 13،17).

ئەو شۆڕشەی لەبواری پەیوەندی بێتەل ڕویدا، جیهانی بردە قۆناغێکی دیکەوە و بوە هۆی کەمکردنەوەی مەوداکان. بەگوێرەی خەملاندنەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لەڕیگەی باڵندەکانەوە نەخۆشی دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤەکان و دواتر لە مرۆڤیکەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤێکی تر. هاوکات نزیکەی (7.4) ملیۆن مرۆڤ لەوانەیە بمرێت چونکە(H5NI) زۆر بەخێرای جیهان دەتەنێت، هەڕەشەی جیهانی زۆرن کە مرۆڤ بەرەو ئایندەیەکی نادیار دەبەن. سەرنجبدە دەبینین تەکنەلۆجیا شیمانە و ئەگەرایەتی بەجیهانیبونی کەلتوری ئەفراندوە، سەتەلایت و کێبڵی تەلەفزیۆن و ئامێری فاکس کەنارە سروشتیەکانیان ڕامالیوە و داگیریان کردوە، هاوکات یەکێك لەدیارترین تایبەتمەندیەکانی جیهانگیریی لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە ئالوگۆرکردنی بیرۆکەکانە، کە ئیمکانی پێکدادانی شارستانیەتەکانی هەیە و نیگەرانیەکە لە بڵاوبونەوە و سەردەستەبونی کەلتوری مادییە. کەلتورە خۆماڵییەکان هەردەبێت بکەون و ببنە قوربانی کەلتوری بەکاربەری جیهانی، بۆ نمونە زمانی ئینگلیزی وردەوردە بەڵام بەبەردەوامی شێوە زارە لۆکاڵییەکان بنەبڕ دەکات و خۆی جێگەیان دەگرێتەوە، لە کاتێکدا بەهای بەرخۆری لە جڤاك و هاوبەندی کۆمەڵایەتیدا، بەسەر ئاوەزی خەڵکیدا زاڵ دەبێت. جیهانگیریی کاریگەری گەورەی لەسەر دارایی جیهان، بازاڕەکان، بازرگانی، کۆچ،تەنانەت میدیاکانیش هەیە و ئەم کاریگەرییانەش زۆرجار نەرێنین (Davies, Egbuchu,2019,24).

### زیانەکانی جیهانگیریی لەم خاڵانەدا کورت دەکەینەوە:

-کۆنترۆڵکردنی وڵاتانی باشور لەلایەن کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانەوە.

- خۆسەپاندنی دەوڵەتە پێشکەوتوەکان لەڕێگەی بەجیهانیبونە بەسەر دەوڵەتە ژێردەستەکان.

- دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆیی لەرێگەی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەکو بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ (المطيري،2013: 14).

- لاوازبونی جیهانگیریی ئابوری بەهۆی تاکرەوی هەندێك پێکهاتەی هەرێمی و نەتەوەیی، بەهۆی ئەو زیادکردنە بەردەوامە گومرگیەی لەسەر شمەك و کاڵا دەرەکیەکان دایاندەنا، دەبونە هۆی کردنەوەی دەرگایەکی دوژمنکارانە بەڕوی میللەتەکانی دیکەوە و پشتگوێخستن و فەرامۆشکردنی ئەو وڵاتانەی دونیا هۆکارێك بون بۆ سەرهەڵدانی چەندین هێرشی تیرۆریستی بۆسەر وڵاتە پێشکەوتوەکان.

- ڕەخنەی شـــەقام و فراوانبونی ناڕەزایەتیەکان لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا بوە هۆی هەڵایســـانی چەندین خۆپیشاندان و گردبونەوەی ناڕەزایی دژی بەجیهانیبون، چەندین بزوتنەوەی چالاکی ناڕازیی سەریهەڵدا.

- چەندین ڕەخنەی لۆژیکی لەو ڕێککەوتنە داراییانە گیرا، کە هەریەك لە بانکی نێودەوڵەتی و ســـندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، بە ئەنجامیان گەیاندبو.

- بۆ ڕەخنەگرتن لە جیهانگیریی و نیولیبرالیزم چەندین توێژەر و ڕۆشنبیری نیومارکسی. سەریانهەڵدا، ڕەخنەیان لە جیهانگیریی گرت، کە وەك نوێنەر و سەروەری کەلتوری خۆی نمایش دەکات(ليجفي،2011: 67،68).

- ئەو وڵاتانەی لەڕوی سەربازی و ئابوریيەوە لاوازن دەبنە کۆیلەی جیهانگیریی، وڵاتە بەهێزەکانیش دەتوانن و لەتواناياندایە ڕەهەندی نوێ بۆ چەمکی بەجیهانیبون ســـەربار بکەن و بیروبۆچونی خۆشـــیان دەربارەی هەموار بکەنەوە(الجنحاني،2002: 27).

هەندێك لە توێژەرەکان پێیانوایەلێکەوتەکانی بەجیهانیبون لەوکاتەوە دەرەکەوێت، کە دەوڵەتە پێشکەوتوەکان پیشەسازی کەلتوری هەڵدەبژێرن، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ داگیرکاریی ئابوریی واتە داگیرکارییە کەلتوریەکە هاوکاتە لەگەڵ داگیریکاریە ئابوریيەکەدا، بۆ نمونە داگیریکارییەکەیان لەڕێگەی هونەر و گۆرانی و یاری ئەلیکترۆنی و چەندانی ترەوە بوە، خەریکی داگیرکاریی وڵاتانی تر و گەنجەکان و خەڵکەکەیین، ئەمە داگیرکاری و زیانە خراپە بەتەنها ڕوەوبەڕوی وڵاتانی دواکەوتو یا باشـــور نەبۆتەوە، ئەوەتا کەنەدا بە فەرمی و لەسەر زاری وەزیری ڕۆشنبیرییەوە هاواری لێهەستاو دەڵیت: "ئێمە دژی چەندین زنجیرە درامای ئەمریکین، کە کێشـــەی مادەی هۆشـــبەر و تاوانەکان لەنێو گەنجەکانمان بڵاودەکاتەوە"(الحديثي وعبدالعزيز، 2011: 512).

**تەوەری پێنجەم: جێکەوتەکانی بەجیهانیبون لە هەرێمی کوردستانی-عێراق:**

عێراق بەگشـــتی و هەرێمی کوردســـتان بەتایبەتی وەکو هەمو ناوچەکانی دیکەی دونیا لەژێر کاریگەری بەجیهانیبوندان و ئەم دیاردەیەلێکەوتەو شـــوێنەواری خۆی لەم هەرێمەدا بەجێهێشـــتوە. گرفتەکە لەوەدایە کەمترین نوســـین و توێژینەوە دەربارەی کۆمەڵگەی کوردی و بەجیهانیبون ئەنجامدراوە، ئەوەی کە هەیە جگە لە تێزی دکتۆرا و نامەی ماستەرەکان و هەندێك نوسین هیچ داتاو زانیارییەك بەردەست نییە، بۆیە لەم تەوەرەدا هەوڵمانداوە پشـــت توێژینەوەیەك و تێزێکی دکتۆرا کە دەربارەی جیهانگیری و هەرێمی کوردســـتان کراوە ببەستین، دواجار ڕاڤەی نوسینەکان بکەین و وەکو توێژینەوەکانی پێشو لێیان سودمەندبین.

**1.توێژینەوەکەی (ئومێد بەرزان برزو کەژاڵ جیهانبەخش محمد) بەناونیشـــانی (جیهانگیری زمانی و کاریگەرییەکانی لەســـــەر داهاتوی شـــوناسی نەتوەیی فێرکردنی زمانی کوردی)، بەچەند ئەنجامێك گەیشتون وەکو کاریگەریی بەجیهانیبون لەسەر کۆمەڵگەی کوردیی:**

أ. بەجیهانیبون کاریگەری لەســـەر زمانی تەواوی نەتەوەکانی دونیا هەیە و زیاتر زمانی ئینگلیزی بەجیهانیبوە و زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی دیکە کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی ئینگلیزی و ئەم کاریگەرییەش بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبونەوەیە.

ب. لە ڕێگەی زۆربەی زانکۆ و قوتابخانە ناحکومییەکانەوە زمانی ئینگلیزی هاتۆتە ناو پرۆسەی خوێندن و بوە بە زمانی فەرمی خوێندنی چەندین قوتابخانەی ناحکومی و زانکۆ و پەیمانگا هاوکات زمانەکانی تورکی و فەرەنسی بە ڕێژەیەکی کەمتر. هەمو ئەمانەش بەهۆی جیهانگیرییەوە ڕویداوە.

ت. یەکێك لە لایەنە ئەرینییەکان ئەوەیە زمانی کوردیش بەهۆی جیهانگیرییەوە دەبێتە زمانێکی جیهانی و زیاتر دەناسێنرێت، بەمەش دەتوانین هەڕەشەی لەناوچونی لەسەر لابەین (برزو،محمد، 2019: 20).

**2.توێژینەوەکەی (ئەمیر خوداکرەم) بەناونیشانی (العولمة في ضوء نظرية الصراع الاجتماعي دراسة ميدانية في مدينة السليمانية)، توێژەر بە چەند ئەنجامێك گەیشتوە وەکو:**

أ. جیهانگیری وەکو دیاردەیەکی نوێ، کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیکی ئەرێنی و متمانەبەخۆبو مامەڵەی لەتەککردوە.

ب. بەجیهانیبون دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی شارستانییە، لە چوارچێوەی ئەم تێگەیشتنەدا مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

ت. شێوازەکانی تری بەجیهانیبون تەواوکەری بەجیهانیبونن و ناکرێت فەرامۆش بکرێن.

ث. جیهانگیری قۆناغێکی مێژوییە، نە حەتمیە و نە گشتگیرە،هەندێك لە کۆمەڵگەکان پێتێدەپەڕن و هەندێکی دیکە پێتێناپەڕن.

ج. مامەڵەکردن لەگەڵ بەجیهانیبون وەك دیاردەیەك یا کردەیەك یا ڕوداوێك، ئازادی جوڵەکردنی بەتوێژەر داوە لە پانتاییەکی بێسنور و ناجیگیردا، چونکە دیاردەکە خۆی سیفەتی هەمیشەیی نییە، لەوانەیە بپوکێتەوە و لەناوبچێت یان کاریگەری کەمببێتەوە و بایەخی ڕاکێشێت بەهۆی چەند هۆکار و ڕەوشێکەوە، ئەمانەش وایانکردوە وەك دیاردەیەکی بزاوتی گۆڕاو نانەمر تەماشای بکەین(الزندي،٢٠٠٩:٢٠٩).

بەگوێرەی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە بێت ئەوە کۆمەڵگەی کوردی لەچوارچێوەی تێگەیشتنی بۆ بەجیهانیبون وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و شارستانی یا کەلتوری مامەڵەی لەگەڵ ئەم دیاردەیە کردوە، چونکە ڕەهەندە ئابوریی و سیاسیەکەی کورد هێندە بەهێز نەبوە تاوەکو لەچوارچێوەی بەجیهانیبوندا جێگەی ببێتەوە. کەواتە هەرێمی کوردستان مادام لەچوارچیوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدایە کە عیراقە، هێشتا دەوڵەتێکی نەتەوەیی نییە و خاوەنی شوناسێکی سیاسی دیاریکراو نییە، تاوەکو بەر جیهانگیریی بکەوێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەربۆیە وەکو دیاردەیەکی کەلتوری و ژیاریی لەگەڵیا جوڵاوەتەوە ئەمەلەلایەك، لەلایەکی ترەوە هەرێمی کوردستان خاوەنی دراوی خۆی و سەربەخۆی ئابوری خۆی نییە تاوەکو بتوانێت لەچوارچیوەی ئەم شوناسە ئابورییە دیاریکراوەدا مامەڵە لەگەڵ جیهانگیریدا بکات و لەچوارچێوەی ئەو پرۆسە گەورەدا جێی بێتەوە.جیالەمەش کۆمەڵگەی کوردی توانیویەتی بەشێوەیەکی ئەرێنی و پەسەندکردنی دیاردەکە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، هەرچەندە زیاتر لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ژیاریەکەیەوە چۆتە ناو ئەم پرۆسەیەوە، لەبەرئەوە هەر زو هەوڵی بڵاوکردنەوەی خوێندەواریی و بەجیهانیکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و هێنانە ناوەی ئامرازە تەکنەلۆجیە پێشکەوتوەکانی داوە و ڕاگەیاندنی ئەهلی و پێشکەوتوی بواری میدیایی

پەسـەند کردوە. مادام ناتوانرێت سروشـتێکی جێگیری پێببەخشرـێت ئەوا دەکرێت برەو بسـەنێت و دەکرێت پاشەکشە بکات، دواجار کۆمەڵگەی کوردیش لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەی لەگەڵ کردوە.

## تەوەری شەشەم: تاوتوێکرن و شیکردنەوە:

گەر تەماشـای تێڕوانینە نەرێنییەی هانتینگتۆن بکەییت بۆمان ڕون دەبیتەوە، کە بەجیهانیبون بەرلەوەی سـازان بێت ترازانە بەرلەوەی لەیەکچون بێت دژیەکییە، بەجیهانیبون ئەوەی لێدەچنینەوە پێکدادانی شـارسـتانیەتە جیاوازەکانە و پێکاهەڵپژنی ڕۆژهەلات و ڕۆئاوایە، بەریەککەوتنی کەلتور و شـارسـتانیەتەکانە وەك لەوەی لە بۆتەیەکدا جیهان یەکبێتەوە. کاتێك گەنگەشـەی بەجیهانیبون دەکریت، یەکسـەر بیرۆکەیەك دێتە مەیدان، گۆایە بەجیهانیبون هەوڵدانە بۆ دروسـتکردنی تاکە کەلتورێکی یەکگرتوی جیهانی تاقانە، لە ڕاسـتیدا ئەمە بیرۆکە و ئارگومێنتێکی هەڵەیە و پارادۆکسـێکە لەسـەر بنەمایەکی نالۆجیکی دارێژراوە، چونکە لەگەڵ سروشـتی چەمکی بەجیهانیبون یەك نایەتەوە و ئیمکانی بونی تاکە کەلەتورێکی جیهانیی بونی نییە، جیالەوەش بەجیهانیبون چەندە سـەرقاڵی تێکەڵکردنی کەلتورەکان و بەجیهانیکردنی کەلتورە لۆکاڵییەکانە بە ئەندازەی ئەوەش لە هەوڵی بە سـەردەسـتەکردن و زاڵکردنی کەلتورێکە بەسـەر کۆی کەلتورەکانی تردا، لە هەوڵی ڕەخسـاندنی کەشێکە بۆ چەسپاندن و ڕەواج پێدانی فەرهەنگێك و بە ناوەندکردنی کەلتورێکی ڕۆژئاوایی و پەراوێزخسـتن و بە کەنارکردنی کەلتورە ڕۆژهەلاتییەکانە.. لە میانەی ئەمەوە بیرمەندی عەرەبی (محمد عابد الجابری)، پێوایە شـتێك نییە ناوی تاکە کەلتوری جیهانی بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە فرە کەلتورییە یان چەندین کەلتورمان هەیە، ڕۆژێك لە ڕۆژانیش شـتێکی وا دروسـت نابێت ناوی تاکە کەلتوری جیهانی بێت، بەڵکو ئەوەی هەیە و دەبێت لە ئایندەدا هەبونی کۆمەڵێك کەلتوری جۆراوجۆرە، ئەم کەلتورانەش بەشـێوەیەکی لەخۆوە (تلقائي) کاردەکەن و خەڵکەکە هەوڵی پاراستنیان دەدەن، هەیانە دەپوکێتەوە و دادەخرێت هەشیانە بەڕوی جیهاندا بڵاودەبێتەوە و دەکرێتەوە، هەندێکیان کەنار دەبن و هەندیکیان فراواندەبن (القصاص،2005: 17).

دەکرێت لە ڕوانگەی ئابورییەوە تەماشای بکەین، ئەوە بەبێ کۆت و بەند بەجیهانیبون بەواتای ئازادی گواستنەوەی پارە و شـمەك و کاڵاو خزمەتگوزارییەکان دێت، سـیاسـیەکان وایدەبینن کە کۆتایهاتنی سـنوری نێوان دەوڵەتەکانە بۆ دروسـتبونی تاقە حوکمەتێکی جیهانی (Reich,1998: 5). کەواتە گەر ڕەهەندە ئابورییەکەی بەجیهانیبون وەرگریت ئەوا تێدەگەین، کە بەجیهانیبون، جۆرێکە بۆ بازاڕکردن و سـاغکردنەوەی کەلوپەلەکانی کۆمپانیا گەورەکانی دونیا، هەروەکو توێژەری عەربی (محەمەد ئیبراهیم مەبروك) دەڵێ "چەمکی بەجیهانیبون واتە گەورەنیشـاندان و بڵاوکردنەوەی شێوازی ژیانی بەرخۆری و بەکاربەری ڕۆژئاوای" (سلطح،2000: 13).

بەجیهانیبون کۆنترۆڵی دونیای کردوە، بەجۆرێك سـتراتیژیەتی کارکردنی بریتیە لە زیندوڕاگرتنی لیبڕالیزمی ئابوری کلاسـیکی، چونکە بەجیهانیبون پراکتیزەکردنێکی پڕاوپڕی بەرنامەی جیهانگیری لیبڕالیزمە، کە لەسـەر بنەمای دوپاتکردنەوەی لە پێشـینەیی لۆجیکی ئابوریی دامەزراوە، بۆ دوبارە ڕێکخسـتنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و کاریگەریی لە جێبەجێکردنی هاوشـێوەیی و گونجاندن لەنێوان بەرژەوەندیی گروپ و میللەتەکاندا. لەم بارەوە چەندین ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ ئازادی بازرگانی و بونیادنانی بازاڕی جیهانی ئەنجامدراوە، لەناوخۆدا کەمەنکێشـکردنی وەبەرهێنانی بیانیی و چالاککردنی بزاوتی بازرگانی جیهانیی و بەرتەسـککردنەوەی دەسـەڵاتی دەوڵەتە بەسـەر ئاراسـتە ئابورییەکاندا، لە دەرەوەش ڕادەستکردنی خواست و ویستی نەتەوەییە بۆ تێکەڵبونی لەگەڵ چەندین ستایلی ژیانی نوێ

و دونیای تازەدا. لە کۆتایدا بەجیهانیبونی لیبراڵی لەسەر ئاستی جیهانی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریی دروستدەکات، بەبێ بونی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەبێ بونی ڕۆحی هاوبەندی و میکانیزمی سیاسی، کە هەریەك لەمانە بەرپرسن لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و کەمکردنەوە ناکۆکی و جیاوازیەکان و سەپاندنی بەهای مرۆیی بەسەریاندا، هەرئەوەی کە دەوڵەتی نیشتمانی لەسەردەمی سەرمایەداریی کلاسیکدا کردبوی. ئەم دوپاتکردنەوە بەردەوامە بۆ بازاڕی جیهانیی لەبەرانبەر بازاڕی نەتەوەییدا، بەدو ئاراستە هەڕەشەیە بۆسەر بەرنامەی ئابوری کە هێز و متمانەی سیاسی لەماوەی ڕابردودا بەدەوڵەتی نیشتمانی دابو. لەلایەك پیشەسازی دەگوازریتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی تێچوی کار و بەرهەمهێنان تیاندا هەرزانە، لەم نێوەندەدا وڵاتە پیشەسازییەکان هەلی کارکردن دەگوازنەوە بۆ وڵاتانی دیکە و لەناوخۆدا ڕێژەی بێکاریی زیاددەکات و دەگۆڕدرێ بە بێکاری هەمیشەیی. لەلایەکی ترەوە دەبیتە هۆی دارمانی ئابوری وڵاتە هەژارەکان کە سەرکەوتو نابن لە ڕوبەڕوبونەوەی مافەکانی بەجیهانیبون و داخوازیەکانی، ئەمەش دەبێتە هۆی کۆچکردنی دەستی کار بۆ وڵاتە پیشەسازییەکان و لەوێش ڕوبەڕوی پەراوێزخستن دەبنەوە و ناتوانن لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە نوێیەدا تەماهی بکەن، دواجار لە هەرساتێکدا بێت ئەم هێزە دەتەقنەوە و زریان بەرپا دەکەن (غليون،2005: 3،4).

لەزۆربەی بارەکاندا وڵاتە لاوازەکان پەنا دەبەنە بەر ئەندامبون لە ڕیکخراوی تەندروستی جیهانی یان ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، ئەمەش دەبیتە هۆی لاوازبونی توانا ئابورییەکانیان بەشێوەیەکی خێرا، چونکە ئەمان بازاڕەکانیان دەکەنەوە و ڕۆڵی دەوڵەت سنوردار دەکەن، پەنابردنی ئەم دەوڵەتانە بۆ بون بە ئەندام لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیی بە گۆڕانکاریی پشوەختە لە پەیکەری ئابوریدا دەبتە هۆی دارمانی ئابوری وڵات (الخيري،2012: 12,11).بەجیهانیبونی ئابوری بەواتای بەدەستهێنانی ئازادی بازاڕ و نەمانی کۆت و بەند لەنێوان دەوڵەتەکاندا (Awdel,Odel,Saadi,2020: 999).

بیروبۆچونی بەشێکی زۆری توێژەرەکان لەسەر ئەوەیە، بەجیهانیبون لە بنەچەدا ڕەهەندێکی سەرەکی هەیە کە ئەویش ڕەهەندی ئابورییە، تێڕوانین بۆ جیهانگیری لەڕوانگی ئابورییەوە تێڕوانینێکی ورد و زانستیە چونکە ئەم جۆرە لە جیهانگیری لەهەوڵی ئازادکردنی بازاڕەکان و بازرگانی لۆکاڵییە بۆ پێدانی سروشتێکی جیهانی، هێنانە درەوەی دارایی و ئابوریی و بازرگانییە لەچوارچێوەی دیوار و زیندانی دەوڵەتی نەتەوەیی و تێهاویشتنیەتی بۆنێو بازاڕی جیهانی.

کەواتە دەتوانرێت بوترێت بەجیهانیبونی سیاسی بریتییە لە یەکبونێك کە دەستە نێودەوڵەتیەکان ڕۆڵێکی گەورەی تێدا دەبینین، بۆ دروستکردنی بونیادێکی نەتەوەبڕ، لەگەڵ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی تۆڕەکانی ڕێکخراوە ناحکومییە لۆکاڵی و نێودەوڵەتیەکان، کە چاودێری کاری دەوڵەتەکان دەکەن و کاریگەری لەسەر بەجێدەهێڵن. یەکێکە لە ڕەهەندەکانی بەجیهانیبونی سیاسی و ئابوریی کاردەکەن بۆ سەپاندنی هەژمونی سیانەی (ئەمریکا، ئەوروپا، یابان)ی سەرمایەداریی، تاوەکو بتوانن هەژمونێکی نیمچە هەمەکی بەسەر هەمو جیهاندا مسۆگەر بکەن، بە ئامانجی هەڵوەشاندنەوی سەروەی دەوڵەتەکانی وڵاتانی بچوك و ناوەند. سیاسەت و ئەنجامی سروشتی سیاسەت چەندین ڕەهەندی ژیانی تێدایە، کە بەرەنگاری بەجیهانیبون دەکات، چونکە بەجیهانیبون لەهەوڵی ئەوەدایە سنورەکان هەڵوەشێنێتەوە، ئابوریی و کەلتور و تاك و کۆمەڵگەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە، جیالەوەش دەسەڵاتی دەوڵەت سنوردار دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەت کۆنترۆڵ لەدەست بدات چ لەسەر ئاستی نێوخۆی یا جیهانی. کەواتە ئەو دەوڵەتەی کە هەمیشە یەکەیەکی بنەڕەتی بوە بۆ هەمو چالاکی و بڕیار و یاسادانانێك، هەنوکە بەتەنها دەبێتە یەکەیەك لەچوارچێوەی تۆڕی پەیوەندییەکاندا (الشهراني،2006: 46). هاوکات بەجیهانیبونی سیاسی پەیوەستە بە سەرهەڵدانی کۆمەڵێك هێزی جیهانی و هەرێمایەتی و لۆکاڵی بەتایبەت لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردودا، ئەو هێزانیەش پێکهاتبو لە کۆمەڵێك بلۆکی ئابوری وەك بازاڕی هاوبەشی ئەوروپی کە دواتر دراوی یەکگرتوی ئەوروپی یۆرۆی لێکەوتەوە. ئەم تێکەڵاوبون و

هارمۆنێتەی ئەوروپیەکان بەواتای وازهێنانی دەوڵەتە ئەوروپیەکان بو لەهەندێك ڕواڵەتی ســـەروەری لەپیناوی کێانێکی هەرێمایەتی بە ئاراستەی یەکبونێکی سیاسیی و ئابوریی لەبەرانبەر پاوانخوازی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا.

ســەبارەت بە جیهانگیریی کەلتوری دەتوانرێت بوترێت بەجیهانیبونی کەلتوری هەژمون و پاوانخوازی تاکە کەلتورێکی نوێ جیهانییە لەبری کەلتور و شـــوناســـێکی تایبەت و لۆکاڵی، کەلتورێکی ناوەندییە و چەندین کەلتوری کەناری لەخۆگرتوە، شـــوناســـە نیشـــتمانیەکەی بەکاردەبات بۆ هەژمونکردن بەســـەر ژیارەکەیاندا (خوین،2009: 91). هەوڵدانێکە بۆ دروســتکردنی نمونەیەکی ســنوربڕ کە ناسراوە بە (کلیة الوجود)، هەروەك چۆن "تۆملینســـون" ناوی دەبات یەك جیهانی (Unicity) بریتییە لەو هەســـتەی کەپێوایە جیهان بۆیەکەمینجار لە مێژودا یەك شوێنکاتی کەلتوری و کۆمەڵایەتی هەیە، بەواتای گشتاندنی یەك نمونە هەموکۆمەڵگە وکەلتورەکان لەم جیهانەدا بگرێتەوە (برقاد،2021: 65). گەر تێبینی بکەین نوەری عەرەبی موحەمەد عیمارە دەڵێ " لەڕاستیدا خۆی بەجیهانیبون بەواتای یەکبون و یەکێتی کەلتوری و ئابوریی و کۆمەڵایەتی و ســیاسی دەگەیەنێت، ئەوەی ئەمڕۆکە جیهان بەخۆیەوە دەبێنێت، مۆدێرنەی ئەوروپایی بەشـێوەیەکی گشــتی و بەجیهانیبونی هاوچەرخ بەشـێوەیەکی تایبەتی، بونەتە کەلتورێکی جیهانی هیچ شـــتێك ناتوانێت ڕێگریان لێبکات، لەم نێوەیەندەدا کەلتوری لۆکاڵی و نەریتی لەبەردەم کەلتوری بەجیهانیبون هیچیان پێناکرێت و ناتوانن سنوری بۆ بکێشن، چ جای ئەوەی پەسەندی بکەین یا ڕەتی بکەینەوە، ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە" (عمارة،1999: 38).

لەڕاســتیدا بەجیهانبون هۆکارێك بو بۆ دروســتکردنی کەلتوری هەجین، جۆرێك لە کەلتوری دروســتکرد کە تێکەڵەیەك بێت لە کەلتوری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆئاوای. بەڵام لەگەڵ هەمو ئەمانەشـــدا بەجیهانیبونی کەلتوری ئامانجی دروســـتکردنی تاکە کەلتورێکی یەکگرتوی جیهانییە کە تەواوی میللەت و نەتەوەکانی دونیا پیادەی بکەن و ئەمەش کارێکی زۆر مەحاڵە، چونکە ژینگەی جیاواز و ئاینی جیاواز هۆکارن بۆ دروســـتبونی سروشـــتی جیاواز و کەلتوری جیاواز، هەروەها لەو یەکگرتنی کەلتورییە ئەوەی دەبێتە قوربانی کەلتورە پەراوێزخرا و بێپاڵپشـــتەکانە، ئەمەش لەبەرژەوەندی کەلتوری باڵادەســـت یەکلا دەبێتەوە، بۆ نمونە ئەمریکا توانیویەتی کەلتوری بەرخۆری پەرگیر بڵاو بکاتەوە، کە خراپترین فۆرمی ژیانکردنە لەدونیای تازەدا.

بەجیهانیبونی میدیایی پێیوایە کە بەکاربردن و بەرهمهێنان و دابەشـــکرنی بەرهەمەکانی میدیا دەبێت سروشـــتێکی جیهانیان هەبێت، واتە بەکارهێنانی گەیاندن و ئامرزازە میدیاییەکان وەکو میکانیزمێك بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتوری بەجیهانیبون. بەجیهانیبونی میدیایی لەپێناو خزمەتکرنی زیاتر بۆ کۆمپانیا فرەڕەگەزکان و کۆمپانیاکانی بواری ڕاگەیاندن کاردەکات، پەیوەندییەکی توندۆڵی لەگەڵ بەجیهانیبونی ئابوریی هەیە و لە ڕێگەی فرەیی و هەمەچەشـــنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بوەتە هۆی بڵاوبونەوەی کەلتوری بەرخۆریی. گەشـــەکردنی تەکنەلۆجیا و شـــۆڕشی زانیارییەکان دو دیوی هەهەبوە: یەکیان یارمەتیەکی باشی جیهانگیریدا بۆ بڵاوبونەوە و فراوانبونی لەرێگەی پێشـکەوتنی تەکنەلۆجیاوە هەوەها بەجیهانیبون توانی ڕاگەیاندنی لۆکاڵی بکات بەرپاگەیاندنی جیهانی و لەســەر ئاســتی جیهان بیناســێنێت و پەیامی کەلتوری خۆی بەجیهان بگەیەنێت. دیوی دوەمی ئەوەبو، کە ئامرازەکانی گەیاندن و پەیوەندی و ڕاپاگەیاندن هۆکارێك بون و میکانیزمیك بون بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بەجیهانیبون و خزمەتکردنیکی لەڕادەبەردەری دونیای سەرمایەداری.

دەربارەی دیدی تیۆری دتوانرێت بوترێت، تێڕوانینی ڤالرشـــتاین تێڕوانینێکی نەرێنییە بۆ بەجیهانیبون، چونکە وەکو پرۆژەیەکی داگیرکاریی و پەراوێزخســـتن و بە پاشـکۆکردنی وڵاتانی هەژار تەماشـای دەکات، دابەشـکردنی وڵاتەکان بەســـەر

ناوەند و پاشکۆ دابەشکردنێکی گوماناویە و سادە نییە، گرفتی ئەم تێگەیشتنە بۆ جیهانگیریی لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە بەشیك لەو دابەشکارییە ئەو وڵاتانە خۆیان لێی بەرپرسن بارتەقای ئەوەی کە بەسەریاندا سەپێنراو بێت، هاوکات کێشەکە هەبونی کەموکوڕییە لە سیستەمی سیاسی و بونیادی نەخەملێوی تاکەکەسی لەو وڵاتانەدا. هەرچی تێگەیشتنی گیدینزە بۆ جیهاننگیریی کێشەکەی لەوەدایە دونیامان بۆ دابەش دەکات بەسەر ڕۆژئاوایەکی براوە و ڕۆژهەلاتێکی دۆڕاودا، واتە هەرکەس شێوە ژیانی ڕۆژئاوایی هەڵنەبژێرێت ئەوە دۆڕاوە، لە کاتێکدا نمونەی چەندین وڵاتی وەکو ژاپۆن و سەنگاپورە هەیە و لەوپەڕی سەرکەوتنن و ئاراستەی پێشکەوتندان و تارادەیەکیش لە ڕۆژئاوییەکان جیاوازن. هەر سەبارەت بە ئۆرلش بیك، کە پێوایە تەنگەژەی جیهانیی و مەترسییەکانی هۆکارن بۆ دروستبونی جیهانگیری ئەمە تێروانینێکی دروستە بەڵام تا ئەو ڕادەی کە جیهانگیریی هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی پەتا و نەخۆشی و کێشەکانی ژینگە بەرهەمبهێنێت بەڵام لەو جێگەی جیهانگیریی لە ڕێگەی کۆمپانیا فرەرەگەزەکان و لە ڕێگەی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانی هیچ بەهایەکی مرۆیی لەبەرچاو ناگرێت، ئیتر ئەم تێڕوانینە کورت دەهێنێ.

بەجیهانیبون وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و ئابوریی هەم سودی هەیە هەم زیان، هەڵبەتە ڕادەی بەرکەوتنی سود و زیانەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێگەیشتن و ئەخلاق سیاسی دەوڵەتمەدار و بازرگان و سەرمایەدارەکان، دەکرێت لەهەمو سەردەمێکدا مرۆڤانێك هەبوبن بەشوێن کۆکردنەوەی سەرمایەوە بوبن و داماڵرابن لەهەمو مۆراڵ و ئەخلاقێکی مرۆڤانی، هاوکات مرۆڤگەلێکیش هەبوبن هێندەی ویژدانی خۆیان ئاسودە کردوە هێندە گیرفانیان ئاسودە نەکردوە. لەسەردەمی بەجیهانیبوندا گواستنەوە وگەیاندن فراوانتر بون، بازاڕەکان گەورەتر و کاڵاکان زیاتریان لێفرۆشرا، بەرلێگرتنی کارێکی ئەستەم و گران بو، بەڵام هەبونی حکومەتێکی نیشتمانی بە پلان و دڵسۆز و چاکەکار، ڕێگربوە لە مەترسییەکانی بەجیهانیبون و سودی لە لایەنە باشەکانی جیهانگیریی وەرگرتوە و لایەنی مەترسییەکانی بەرتەسك کردۆتەوە، ناتوانرێت ڕێگیریی لێبکرێت چونکە لەسەر و دەوڵەت و حکومەتەوە دەچێتە ناو ژیانی تاك بەتاکی خەڵکەوە بەڵام دەتوانرێت مەترسیەکانی سنوردار بکرێت و کەمبکرێتەوە.

**ئەنجام:**

یەکەم: سەبارەت یە ئامانجی یەکەم: دەرکەوتوە:

1. بایەخپێدانی سۆسیۆلۆجیا بە جیهانگیریی لە چوارچێوەی ئەو توێژینەوانەدا دەبێت، کە کۆمەڵناسەکان و تیۆریستەکانی ئەم زانستە بە ئەنجامییان گەیاندوە، وەکو هەریەك لە (ئۆرلش بیك، ئەنتۆنی گیدینز، ڤاڵتێر ڤالرشتاین).

2. ڤالرشتاین ڕەخنەی توند لە سیستەمی جیهانی دەگرێت و بە دیاردەیەکی نا تەندروست هەژماری دەکات،بەڵام ئەنتۆنی گیدینز بە پێچەوانەی فالرشتاینەوە، پێوایە بەجیهانیبون دونیای دابەشکردوە بەسەر براوەکان و دۆڕاوەکاندا، ئەم جیهانە بۆتە شوێنی کێبڕکێ، کەچی زۆبەی خەڵك لە نەهامەتی و بەدبەختیی دەژین.

3. بەجیهانیبون زۆرترین پێناسەی بۆ کراوە و لەچەندین ڕەهەند و دیدی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە، لەبەرئەوەیە نارۆشنی و ناڕونی لای خوێنەر دروست کردوە، هێشتاش لێکتێگەیشتنی گشتی و ڕەها بۆ دیاریکردنی چەمکەکە نەهاتۆتە گۆڕێ. بەڵام لە تێگەیشتنی گشتیدا بەجیهانیبون بە واتای پرۆسەیەی بچوکبونەوەی جیهانە، چونکە مەوداکان و کەلتورەکان لەیەك نزیك دەبنەوە، هۆکارێکی گرنگە بۆئەوەی وابەستەیی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتەکان بێتە گۆڕێ، لەم پرۆەیەدا بۆ گۆشگیری و دابڕان هیچ بوارێك نامێنێتەوە، گۆڕانکاریەکان خێرادەبن و بەریان پێناگیرێت.

دوەم: سەبارەت بە ئامانجی دوەم دەرکەوتوە:

1. بەجیهانیبون کۆنترۆڵی دونیای کردوە، بەجۆرێك ســـتراتیژیەتی کارکردنی بریتییە لە زیندوڕاگرتنی لیبراڵیزمی ئابوری کلاسیکی، چونکە بەجیهانیبون پراکتیزەکردنێکی پڕاوپڕی بەرنامەی جیهانگیری لیبراڵیزمە.

2. بڵاوکردنەوەی بەهای دیموکراسی و کەلتوری دیموکراسی چونکە بەجیهانیبونی سـیاسـی۔ ڕۆڵێکی گەورە دەبێیت لە بڵاوکردنەوەی بەهای دیموکراسی لەماوەی کرانەوی نەتەوە داخراوەکاندا.

3. کە بەجیهانیبون، جۆرێکە بۆ بازاڕکردن و ســـاغکردنەوەی کەلوپەلەکانی کۆمپانیا گەورەکانی دونیا، هەروەکو توێژەری عەربیی (محەمەد ئیبراهیم مەبروك) دەڵێ "چەمکی بەجیهانیبون واتە گەورەنیشاندان و بڵاوکردنەوەی شێوازی ژیانی بەرخۆری و بەکاربەری ڕۆژئاوای.

سێیەم: سەبارەت بە ئامانجی سێیەم: دەرکەوتوە کە:

1.لـە گرنگترین زیـانـەکـانی بـەجیهـانیبون بریتییـە لـە کۆنترۆڵکردنی وڵاتـانی بـاشـــور لـەلایـەن کۆمپـانیـا فرەڕەگەزەکانەوە.هەروەها خۆســەپاندنی دەوڵەتە پێشــکەوتوەکان لەڕێگەی بەجیهانیبونە بەســەر دەوڵەتە ژێردەستەکان.

2. لە ســـودەکانی جیهانگیریی بریتییە لە کرانەوە بەڕوی جیهان و کورتکردنەوەی دوریيەکان و گەیشـــتن بە زانیاریەکان و بەکارهێنانیان، زانینی کەلتوری نەتەوەکانی دیکە و سودوەرگرتن لە ئەزمونی نەتوەکانی تر.

3. بەجیهانیبون کاریگەری لەسـەر زمانی تەواوی نەتەوەکانی دونیا هەیە و زیاتر زمانی ئینگلیزی بەجیهانیبوە و زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی دیکە کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی ئینگلیزی و ئەم کاریگەرییەش بەهۆی پرۆسەی بەجیهانیبونەوەیە.

4. جیهانگیری وەکو دیاردەیەکی نوێ، کۆمەڵگەی کوردی بەشـــێوەیکی ئەرێنی و متمانەبەخۆبو مامەڵەی لەتەك کردوە

**پێشنیار:** توێژەر لە کۆتای توێژینەوەکەیدا چەند پێشنیارێك دەخاتەڕو:

1.جیهانگیریی بکرێتە پرۆگرامی خوێندن و لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندندا بخوێنرێت.

2. سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرۆسە جیهانییە گرنگە دابمەزرێت.

3. لەسـەر ئاسـتی زانکۆکان کۆنفرانسی۔ نێونەتەوەی بکرێت و شرۆڤەی دواهەمین گەشـەسـەندنەکانی ئەم چەمکە بکرێت.

**ڕاسپاردە:** لێرەدا توێژەر چەند ڕاسپاردەیەك دەخاتە ڕو:

1. پێویستە لە پلانی فەلسەفەی پەروەردەی حکومەتی هەرێمدا، کۆڵینەوە لەم بابەتە بکرێتە خاڵی سەرەکی.

2. دەبێت زانکۆکانی کوردستان زیاتر بایەخ بەم پرۆسە جیهانییە گرنگە بدەن ولێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دەستنیشان بکەن.

# Dimensions of Globalization: Its Consequences in the Kurdistan Region

(Theoretical and Analytical Research)

Paiman Qadir Majid[1] - Omer Ali Ahmed[2]

[1+2]Department of Sociology, College of Human Science, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

This research is an attempt to reach a scientific analysis of all the different dimensions of globalization, and what this phenomenon leaves of different effects and impacts on all aspects of society. In addition, this research is an accurate understanding of all the challenges and problems that came with this problematic concept, and that the complexity of globalization and its different readings are among the reasons that led to the emergence of two sides of supporters and deniers. The main objective behind this research is to show the dimensions of globalization and its negative and positive effects that have effects on all social systems, in addition to that it is an attempt to identify the requirements of this concept and the stages it went through. We believe that this research is of great importance, because it becomes a scientific resource that includes dealing with a group of disparate concepts and multiple theories that researchers specialized in this field can benefit from as an academic and scientific source in their studies. The nature of the research necessitated that we rely on the descriptive, analytical, and critical approach, because it is the most appropriate approach with the topics that we have studied within the contents of this research, as all opinions and ideas that came in this field were criticized. At the conclusion of this research, we have come to the conclusion that globalization is a new concept, but at the same time it is a social and historical phenomenon that has roots in the history of mankind, where there has been trade and transportation since ancient times between peoples, and the Kurdish society dealt positively and self-confidently with this new concept.

**Keywords:** Globalization - The Dimensions of Globalization - The Positive and Negative Effects of Globalization.

**سەرچاوەکان:**


Awdel, Zangin M. Odel, Naji M. Saadi, F Wzhar: (2020), the rice of the globalization and its effect on the autonomy of state and political economy, Journal of Critical Reviews, ISSN- 2394-5125 Vole 7, Issue 6.

Reich, Simon: (1998), what is globalization? Four Possible Answers, United States – December, Kellogg Institute for International Studies.

Yves, Jean and Verdier Huwart, Loic: (2013), economic globalization Origins and Consequences, OECD INSIGHTS Economic.

Davies, Emmanuel Opuene and Egbuchu, Sam Aleruchi: (2019), understanding the concept of globalization, Academic Journal of Current Research, Impact factor: 5.92. Central for international development , Vol.6, No.5.

اسد، ايهم (2008): تفكيك العولمة باستخدام نظريتي النظم العالمية والتبادل اللامتكافئ، التلوين للتأليف والترجمة والنشر، ط1،دمشق.

امين،رضا عبدالواحد (2007): الاعلام والعولمة، دار الفجر للنشر والتوزيـع، ط1، القاهرة.

الياس، سليم بطروس و يحي، نزار احمد (2022): گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، **E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036**، ڕاپەڕین.

بارام، حەسەن (2017): جیهانگیری لەڕوانگەی جیاوازەوە، چاپخانەی حەمدی، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، سلێمانی.

برزو، ئومێد بەرزان و کەژاڵ جهابخش محمد (2019): جیهانگیری زمانی و کاریگەرییەکانی لەســـــەر داهاتوی شـــوناسی نەتوەیی فێرکردنی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە پێنجەمین کۆنفرانسی زمان و زانستی مرۆڤایەتی،گەرمیان.

غليون، برهان (2005): تأثير العو لمة على الوضـع الاجتماعي في المنطقة العربية"،اجتماع خبراء اللجنة الاقتصـادية والاجتماعية لغربي آسـيا، العولمة وأثرها على المجتمعات العربية،بيروت.

الجنحاني،الحبيب (2002): العولمة والفكر العربي المعاصر،دار الشروق،ط1،القاهرة..

الحلبي،عبير ياسر(2016): العولمة الثقافية وعلاقتها بالتفكير الأخلاقي لدى طلبة الجاععة، رسـالة ماجسـتير غير المنشـورة، جامعة دمشـق، كلية التربية، دمشق.

زمام، نورالدين (2001): عولمة الثقافة المستحيل والممكن،مجلة علوم الانسانية جامعة محمد خيضر بسكرة، العدد الاول، الجزائر.

ســلطح، فضـــل الله محمد (2000): العولمة الســـياســـية انعكاســـاتها-وكيفية تعامل معها،مكتبة بســـتان المعريفة لطبع والنسرـ والتوزيـع الكتب،الاسكندرية.

خوين، ســندس رضــيوي (2009): قياس العلاقة مابين العولمة والثقافة التنظيمية بحث حالة في منظمة تعليمية، مجلة الإدارة والاقتصــاد، العدد الســابع والسبعون،جامعة المستنصرية، بغداد.

الزندي، أمير خداكرم محمد علي(2009):اطروحه دكتوراه فلسفة في علم الاجتماع، جامعة السليمانية، كلية علوم الانسانية، غير منشورة.

الشهراني، محمد سعيد آل عياش (2006): جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، كآلية الدراسات العليا، اثر العولمة علي مفهوم الامن الوطني، رسالة ماجستير غير المنشورة،السعودية.

عبدالله،عبد الخالق(1999): العولمة؛جذورها وفروعها وكيفية التعامل معها، مجلة عالم الفكر،م 28، ع2،مج.مجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب، الكويت.

عســاف، عبد حبايبعلي (2008): ضــاهرة العولمة:تحدياتها واثارها كما يراها طلبة دراســات عليا في جامعة النجاح الوطنية،مجلة جامعة القدس المفتوحة للابحاث والدراسات_العدد الثالث العشر، فلسطين.

عيساني،رحيمة (2006): الآثار الاجتماعية والثقافية للعولمة الإعلامية على جمهور الفضائيات الأجنبية الشباب الجامعي بالجزائر أنموذجا، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسية العلاقات الدولية، اطروحه دكتوراه غير المنشورة، الجزائر.

فيذرسون،مايك(2000): ثقافة العولمة القوميةوالعولمةوالحداثة،ت:عبدالوهاب علوب، المجليس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة،مصر.

القصـاص،مهدي محمد (2005): الهوية الثقافية وةالعولمة دراسـة سـوسـيولوجية، ندوة التراث الشـعبي العربي: وحدة الاصـل والهدف، المجلس الاعلي للرعية الفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، دمشق.

ليجفي،كلاوس (2011):العولمة ومناهضوها،ت:ضياءالدين زاهر،المركز القومي للترجمة،القاهرة.

ماجدة، حجار (2010): العولمة والعنف، مقاربة سوسيولوجية لظاهرة العنف في ظل العولمة، جامعة منتوري – قسنطينة، كلية العلوم الإنسانية و العلوم الإجتماعية، اطروحة دكتوراة،الجزائر.

محمد عمارة(1999): مخاطر العولمة على الهوية الثقافية،دار نهضة مصر للطباعة والنشر،القاهرة.

المزروعي (2012): مثنا مشـــعان، رعد حميد توفيق البياتي، العولمة الثقافية وصراع الهويات في المجتمعات العربية،دراســـة جيو اعلامية،مجلة شؤون، لعدد115، الإمارات العربية المتحدة.

المطيري،عبيد سـعوعود عبيد (2013):العولمة والاثرها على الثقافة السـياسـية لدى طلبة جامعة الكويت، رسـالة ماجسـتير غير المنشـورة، جامعة الشرق الاوسط،كلية الاداب والعلوم،الكويت.

منير برقا د (2021): العولمة وآليات التأثير في الهوية الثقافية:دراسة تحليلية، مجلة نقد وتنوير – العدد الثامن - السنة الثانية، الجزائر.

موني،انابيل و ايفانز، بيتسي(2007): العولمة المفاهيم لااساسية،ت:اسيا دسوقي،الشبكة لاعربية للابحاث والنشر،بيروت.